پەیامی قیبلە

# وێنەو سەرنج

# پەیامی بینراو

د. عومەر عەلی

٢٠١٩

ژمارە

٣٣

پەیامی قیبلە
رۆشنبیری گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان

**ناوی کتێب: وێنەو سەرنج، پەیامی بینراو.**

**نوسەر: د عومەر عەلی**

**دیزانی ناوەوە: عبدالله خاکی**

**دیزاینی بەرگ: توانا ئەحمەد**

**چاپخانە:**

**تیراژ:**


**نرخ:**

**ژمارە (      )ی ساڵی (        )ی**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان پێدراوە**

**وێنەو سەرنج، پەیامی بینراو**

زمانی داتاکان، ئیسلام خێراترین دینە.




مزگەوتەکان بۆنی بەهەشت دەدەن. ئیسلامبوڵ



شا جوانەکانی کوردستان، ڕەحمەت لە دایك و باوك و

مامۆستاکانتان.



بەریتانیا، ڕۆشتم بۆ نوێژی عەسر لە مزگەوت پڕبو لە منداڵ، لە دڵی خۆمدا وتم با هەندێك هانیان بدەم لەسەر قورئان خوێندن،ڕومتێکردن و وتم ئافەرین بۆ قورئان خوێندن هاتون بۆ مزگەوت؟ وتیان نەخێر قورئان خوێندنی چی! وتم بۆ قورئان خوێندنی چی؟ وتیان ئاخر ئێمە لە زوەوە هەمویمان لەبەرکردوە!

ڕێك صامت بوم.



مندالّترن دکتۆرەکانی جیهان حیجابن.

This hijabi is the youngest doctor in the world[1]



بەریتانیەك پرسیاری کرد لە مسوڵمانێك بۆچی ئافرەتی مسوڵمان داپۆشراوەو تەوقە ناکات لەگەڵ پیاودا؟

ئەویش وتی: ئایا مەلیکەکەی ئێوە بەبێ دەستکێش تەوقە دەکات لەگەڵ پیاودا؟


ئەویش وتی: نەخێر چون ئەو مەلیکەیەو جیاوازە.

مسوڵمانەکەش وتی: ئافرەتانی ئێمەش قەدری مەلیکەیان هەیەو

1 https://mvslim.com/this-hijabi-is-the-youngest-doctor-in-the-world-how-smart-is-she/?fbclid=IwAR1nOApVFFaT2DDr9VGWvw-4BwWOE5oI9ujuua7nCYyv4cGGT0e0hHqM5rY

جیاوازن.

Queen Elizabeth



ئیلهان عومەر یەکەم ئافرەتە بە حیجابەوە ڕۆشتە کۆنگرێسی ئەمەریکا.[2]

[2] https://www.theguardian.com/us-news/2019/jan/03/ilhan-omar-hijab-congress-headwear?fbclid=IwAR0tYMVv9i-j-J685zgEEIGSE_X3W7en8V2Ow7xjTNGeu-8D3pfPw2ZEUjs



له BBC[3] ی بەریتانیەوە

بۆ ئاشناکردنی قوتابی لەسەر حیجاب و گرنگی پۆشینی

Hinna Aamani دەڕواتە قوتابخانەکانی بەریتانیاو بۆیان شیدەکاتەوە.

دەڵێ: وەك منداڵێك پۆشینی حیجاب بڕیارێکی گرنگ بو له ژیانمدا.

[3] https://www.bbc.co.uk/news/av/uk-england-hampshire-47395360/why-i-wear-a-hijab?fbclid=IwAR3Gv-Y3y-Wue-KEsriLrtmbStrEIyaZWGtGwwAAPqgESKEMX1i1H4rCzZA



ئەو بانگەی کە پێویستە بە دەمیەوە بچیت: حی علی الفلاح.

وێنەکەش مزگەوتێك لە دارو ئیمانێك لە پۆڵا.



مزگەوتەکە دارە! بەڵام ئیمانەکە پۆڵایە!



کەی مرۆڤایەتی بە ئاگا دێتەوە لە دەست بازرگانەکان،

بازرگانی سەد ناوی جۆربەجۆریان بۆ تاشیوە!

سیاسەت، دیموکراسی، مافی ئافرەت...

لە کۆتایدا ئەوان بازرگانی دەکەن و خەڵکیش چەپڵە لێ دەدات!

عەجەب چ دونیایەکە هەموی تێیدا خەڵەتێنراوە..




هەموی لە شەڕدا دۆڕاوە!

دونیا باسی پاڵەوانی بردنەوەی ئیسرائیل دەکات لە شەڕو پشێویەکاندا، یان ڕۆڵی سیاسیەکانی تێدا بەرز دەکرێتەوەو بە نمونە دەهێنرێتەوە، هەشە لەوانە نۆبڵی ئاشتیش وەردەگرێت.

پێم وایە هەموی لە شەڕدا دۆڕاوە، ٢٠٦ سەفەری وڵاتانی جیهانم کردوە بە دەگمەن جولەکەیەك لە مەتاردا بینیومە، ناوێرن خۆیان دەربخەن و باجی سیاسیەکانیان دەدەن، هەتا لە

لەندەندا زۆرجار دژی وڵاتی خۆشیان خۆنیشاندانیان ئەنجام داوە.

ئۆباما خەڵاتی نۆبلی ئاشتی پێدرا لە ٢٠٠٩، کەچی لە ٢٠١٤ کە بەشداری کرد لە کۆنفرانسی ناتۆ لە نیوپۆرت/بەریتانیا، نەیدەوێرا شەوان لە هۆتێلی کەڵتیك مانەر بخەوێت، کە هەمو سەرکردەکان لەوێ دەخەوتن، هەمو ڕۆژ دەبوایە بە فڕۆکەی سەربازی دوای کۆنفرانسەکە بڕوات بۆ لەندەن شەو لە سەفارەتی لەندەن بخەوێت.

ئەوە حاڵی ئۆباما بو دەبێت حاڵی ترامپ چۆن بێت، زۆرجار میزەڵانێك دەتەقێت لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکانی دۆناڵد ترامپدا کورد دەڵێ: بە قەدەر تۆپێك دەچێت بە ئاسماندا.

جگە لەوەی جێگەیەك نی یە لەم دونیایەدا ئێستە جێگەی متمانەی تەواوبێت و ڕوداوی نەخوازراوی تێدا ڕونەدات، بەنامەیەکی تەزویری ئەلیکترۆنی زۆرجار مەتارەکان ملیۆنان دۆلار زیانیان پێدەگات و گەشتەکانیان ڕادەگرن نەوەك نامەکە ڕاست بێت!

هەموی لە شەڕدا دۆڕاوە!



لەسەر شەڕی The New York Times Magazine لە
عێراق و ئەڤغانستان نوسیویەتی: شەڕ بەبێ کۆتایی
War Without End
دەیان گەیم و یاری جۆربەجۆریشیان بە هەمان ناونیشانەوە
دروستکردوە!
لێکەوتەی شەڕەکان دوای شەڕ زۆرجار هەستی تەواو بە
زیانەکانی دەکریت، چ جای هەر تەواویش نەبێت!
لە ئیسلامدا شەڕ کاتیە, ئاشتی بەردەوامیە، لە دونیای
دیموکراسی و تەکنەلۆژیادا شەڕ بەردەوامیە!



ئەو سەربازانەی کە لە عێراق و سوریاو ئەڤغانستاندا کوژراون زۆرجار چیرۆکی منداڵەکانیان دەخوێنمەوە، ئەوەندە بە ئازارە پیاو خۆی بۆ ناگیرێت لە کاتی خوێندنەوەیاندا، یەکێك لەو منداڵانە دەڵێت: هەرگیز لەبیرت ناچێت کۆتا گفتوگۆ لەگەڵ ئەوەی کە خۆشت ویستوە، درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵی:
من ١٠ ساڵ بوم کە باوکم نەما، دەیبردم بۆ قوتابخانەو تاقیکردنەوەم هەبو، لە ڕێگە هەڵەکانی بۆ ڕاست دەکردمەوە، بەڵێنی پێدام کە گەڕایەوە چوکلاتیشم بۆ بهێنێت، بەڵام نەگەڕایەوە.
باوکە ئەمەریکیەکان یادگاری زۆریان بۆ منداڵەکان جێهێشتوە تا بیخوێننەوەو بۆنی بکەن، بەڵام، عێراقی و سوری و

ئەڤغانیەکان زۆری لە گەڵ باوکیاندا خانوەکەشیان نەماوە چ جای یادگاری.
بیرم لەوە دەکردەوە ئەم منداڵانە لە ئەمەریکا هەمو مافێکی پێ دەدەن، کە باوکەکەشی دەکوژرێت حسابی تایبەت تری بۆ دەکەن، بەڵام منداڵی وڵاتانی ئێمە بە مردنی باوکیان خۆشیان مەعنەویەن دەمرن، دەبێت هەردەم چاویان لە دەستی ئەم و ئەو بێت خێرێکی پێ بکات، زۆری دەکەوێتە سەرجادەو هەشە بە داخەوە ناچاری ئیشی تر دەبێت.
ئەسڵەن ئەوەندە داماون توانای نوسینی چیرۆکەکانیشیان نی یە، هەردەم دەبێت بە گریان تەعبیری لێ بکەن.
سەختە، زۆریش سەختە.
وێنەکەش منداڵێکی سوریە، کامیرامانەکە دەڵێت: کە منی بینی کامیراکەم ڕوتێکرد، وایزانی تفەنگەو دەستی بەرزکردەوە! بەو منداڵیە چەند موعاناتی دیوە خوایە گیان.




لە ڕۆژنامەی USA Today هاتوەو دەڵێ: ڕێژەی خۆکوژیەکان لەناو سەربازە ئەمریکیەکاندا زیاترە لەوەی کە تۆ باوەڕی پێ بکەیت.

Military suicide rate higher than believed

گریان و ئاهوناڵەی دایکە بێ دەستەڵاتەکان گەشتە لای خوای گەورەو تۆڵە لە خودی بکوژەکان دەکاتەوە.

خۆشبەحاڵی ئەوەی نابێتە بەشێك لە تاوان لە ململانیە سیاسیەکاندا.




ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێژەی خۆکوژیەکان لەناو سەربازەکانی ئەمەریکادا بەرز دەبێتەوە!

کە گوێ لە سەربازەکانی ئەمەریکا دەگیرت و بە کزۆڵیەوە باسی خۆیان دەکەن، ڕێك ئەو دایکە ڕەشپۆشانەم دێتە پێش چاو کە بە دەم گریانەوە دەستیان بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە!

پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت دەفەرموێت : **( اتق دعوة المظلوم ، فإنها ليس بينها وبين الله حجاب )** رواه البخاري ومسلم.

واتە: لە دوعای ستەملێکراو بترسن، چون لە نێوانی ئەو و خوای گەورەدا هیچ بەربەستێك نی یە.

خراپترین جۆری کاسپی ئەوەیە یاری بە خوێنی خەڵك بکەیت.




سەربازێکی ئەمریکی لە گێڕانەوەی یاداشتەکانیدا دەڵێ:

سەرسام بوم بە ئەفغانیەکان لەگەڵ ئەوەی برسیشیەتی ملیۆنێك دۆلاری بدەرێ لە شەرعەکەی خۆی لانادات.

بۆ نوێژ تەنها مزگەوت پێویست نیە، دیمەنی نوێژی ئەفغانیەکان.



تیپێکی وەرزشی مسوڵمانان لە بەڕازیڵ، باکگراوندێکی جوان.



مزگەوتەکانی بەڕازیڵ جێگەی نوێژخوێنان نابێتەوە.




دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی سوجدە بۆ خوای گەورە، مسوڵمانانی کەنەدا.




دیمەنێکی ناوازە، لە کاتی رکوعدا، وەك هونەریش سەیری بکەیت هەر جیاوازە، ڕوسیا



دیمەنێکی ناوازەی نوێژ، لەبەردەم کۆشکی سپی ئەمەریکا.



ئەوەی دەیبینن قیر نی یە وا ڕەش دەکاتەوە، پاڵتاوی مسوڵمانەکانە لە پشتەوە کاتێك لە سوجدەدان، لە پاریس، پایتەختی فەرەنسا.



دیمەنی نوێژکردن لەناو جەرگەی لەندەن دا.



دەچیت بۆ مزگەوت فولی خەڵك!هەریەك ڕەنگێك، نایناسیت، نازانی ناوی چی یە، نازانی خەڵکی کوێ یە، نازانی فەقیرە یان دەوڵەمەند، نازانی فکری چی یە، نازانی چی حیزبێکە!


باوەشت پێدا دەکات و دەڵێ: براکەم السلام علیکم، ئەوسا لە مانای خۆشەویستی تێدەگەیت!

ئەوسا جوانتر لەو ئایەتە تێدەگەیت کە دەفەرموێت: **(وان تعدوا نعمة الله لا تحصوها)** النحل ١٨.



هەمو ڕەنگەکان، شان بە شانی یەك، هەموی یەك شیعار دەڵێنەوە، کەسیش ئەزیەتی ئەوی تر نادات

مزگەوت - دونیای جوانی و پێکەوە ژیان.



تەنها لە یەك مزگەوتی مۆسكۆدا ٢٥٠ هەزار كەس بۆ نوێژ كۆدەبێتەوە.



خەڵکی دەچێت بۆ باڕو قومارخانەکان خۆی و پارەش دەدۆڕێنێت، لە مزگەوتەکان خەڵکی خۆی دەدۆزێتەوەو یارمەتی هەژارانیش دەدات لە ڕێگەیەوە، ئەوەیە جیاوازیەکە...


© London Media Press Ltd

ئیسلام کە هات هەرچی شت هەیە نەیسڕیەوە، چاکەکانی وەك خۆی هێشتەوەو خراپەکانی گۆڕی بە چاکە، حیجاب داواکراوی دینەکانی پێشوش بوە، واتە شتێك لە پێش هاتنی خۆشەویستمان محمد صل الله علیە وسلم کە هەبو بێت مانای وا نی یە نا دینی بێت.

حیجاب تاج و دیاری خواییە کە تەنها ئافرەتانی بە شیاوی ئەو تاجە زانیوە، ئافرەتیش سەرپشکە لەوەی ئەو تاجە دەکات سەری یان قوڕی دونیای دەکاتە سەری.



لەسەر حیجاب

کورت و پوخت و جێگیرو بڕاوە!

بە پێی قورئان کە یەکەم سەرچاوەو گرنگترین سەرچاوەی شەریعەتە، بە پێی فەرمودە کە دوهەم سەرچاوەی شەریعەتە، بە پێی کۆڕەوی زانیان کە سێهەم سەرچاوەی شەریعەتە (هەتا زانایانی شیعەش)، حیجاب هیچ مشومڕی لەسەر نی یەو بە پێی دەق بڕاوەتەوە، یەك مسقاڵە زەڕە جێگەی موناقەشە نی یە وەك حیجاب، ئەوەی جێگەی مشتومڕە جۆریەتی حیجابەکەیە لەگەڵ نیقاب نەك حیجاب! وتی یوڵسف نی یە یوسفە! نوقتە سەری دێڕ، نایەوێت لەسەری بڕۆیت.

تەقینەوە یاریەکی موخابەراتی بوە بۆ ناشرین کردنی دینەکان، بەڵام ئێستە هەمو دونیا باجەکەی دەدات، جاران تەنها زۆنی شەڕەکان مەترسیدابو، ئێستە هەرجێگەیەك قەرەباڵغ بێت مەترسیدارە! کێ براوەی ئەم یاریانەیە؟

وێنەی ئەو تیرۆریستەی دەستی چوە خوێنی زیاتر لە ٥٠ مسوڵمان لەکاتی ئەداکردنی نوێژی هەینیدا لە کریسچێرچ نیوزیلاند، ٢٠١٩/٠٣/١٥[4]



وێنەی ئینگلیزێك وەك پشتگیری بۆ مسوڵمان، دوای کارەساتە خوێناویەکەی نیوزیلاند

4 https://www.thehindubusinessline.com/news/world/new-zealand-mosque-shooting-several-killed-police-respond-to-reports/article26541436.ece




مسوڵمان تەنها لە ساحەی جیهاددا هێزو بازو نیشان دەدات، ئەوەی لە ساحەی جیهاددا هەڵبێت یەکێکە لە تاوانە گەورەکان. ئەوەشی لە غەیری ساحەی جیهاد خوێن و ماڵ و موڵکی خەڵکی بە ئامانج بگرێت گەر یاسای ئیسلامی هەبێت ڕووبەڕووی سزای قورس دەبێتەوە، جگە لە سزای قیامەتی.



کردەوە تیرۆریستیەکەی سریلانکا لەوەی نیوزیلاند قێزەونتر بو!

ڕشتنی خوێنی ناحەق لە هیچ دینێکدا ڕێگەپێدراو نی یە.

بەکارهێنانی دین بۆ ستەمکاری ستەمەکە لەگەردەنی بکەرانیدا قوڵتر دەکاتەوە.

سەدام حسێن کوردی قات و قڕ دەکرد بەناوی ئەنفال، ساروخی دەنا بە ئێرانەوە بەناوی ساروخی حسێن، پەیوەندی خۆشی بە دینەوە تەنها مونافیقی بو.

جۆرج بۆش کە دای لە عێراق و ئەڤغانستان وتی ئەمە شەڕی سەلیبیەت و ئیسلامە، پەیوەندی جۆر بۆشیش بە مەسیحیەتەوە تەنها دوفاقی بو.

گۆڤارێکی بەریتانیا لە گرمسبی لەکاتی شەڕی عێراقدا نوسیبوی خوێنی کەس لە خوێنی کەس سورتر نی یە، وەك سۆزێك بۆ ڕشتنی خوێنی عێراقیەکان.

دادگاکانی دونیا ناتوانن ئەم کەیسانە یەکلای بکەنەوە! بۆیە دەبێت قیامەتێك هەبێت بۆ یەکلای کردنەوەی.



به ویژدانەوە بەراوردی بکەن!

ئێمە کە شەقام داگیر دەکەین لە ئەوروپا دوای خۆمان

چیلکەیەکیش جێناهێڵین و پاکی دەکەینەوە، بە خۆشەویستیەوە

باوەش بە یەکدا دەکەین، لەیەك تێناگەین بە هەستەکانمان قسە

دەکەین!


ئەوان دوای هەمو یاریەك و شەممان و یەك شەممان سەدان

شەڕو تاوان دەکەن!

**(أَفَنَجْعَلُ الْمُسْلِمِينَ كَالْمُجْرِمِينَ، مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ)**



دونیا چاری گا پەرستەکان ناکات! ئێستە دەیانەوێت چاری خوا پەرستەکان بکەن!



باشە کاکە! چەند نوێژخوێن دەکوژیت تا کرمەکەت بتۆپێت؟ هەر بزان فیشەك بەشەکات!




ئێوە پەیڕەوی حیزبەکەشتان ناخوێننەوە، ئێمە مەلاین حافز قورئانمان هەیە!



فەرەنسا بە شەڕ جەزائیری داگیرکرد، جەزائیریەکانیش بە نوێژ فەرەنسایان داگیرکر!



ڕوسيا كاتى نوێژ، گلەيى نەكەن درەنگ هاتن جێگەتان لەناو مزگەوت بۆ نەما!




لە هەر جێگەيەكى ئەوروپا بپژمە، چوار پێنج كەس لەملاولاوە پێت دەڵێن: يرحمك الله

ئێمە ئەوروپيەكانمان خۆش دەوێت، بەڵگەش: دينەكەمانيان فێر دەكەين كە خۆشەويست ترين شتمانە.

ئيسلام بەشێوەيەك ڕيشاڵى داكوتيوە لە ئەوروپا مەگەر ژێروبانى بكەيت لەناو بچێ.




ساڵانە بە ملیۆن پاوەند لە مزگەوتەکانی بەریتانیاوە دەگەیەنرێتە وڵاتە هەژارەکان.

جگە لەوەی لەناوخۆدا سەدان پرۆژەی پێ دەکرێت و لایەنی کۆمەڵایەتی پێ بەهێز دەکرێت.

ڕۆڵی مزگەوت تەنها لە عیبادەتەکاندا نابینرێت، بەڵکو سەدان چالاکی جۆربەجۆر لەناو مزگەوتەکاندا دەکرێت.

حکومەتیش ستایشی زۆری ئەو هەولانە دەکات.



مزگەوتەکانی ئەوروپاو ئەمەریکا جگە لە عیبادەت گەورەترین ڕۆڵی ڕۆشنبیری دەگێڕن لەناو کۆمەڵگەدا.
پێگەیەکی بەهێزی دیارەو ناتوانرێت نکۆڵی لێ بکرێت، هەر لە سەرۆکی وڵاتەوە تا دەگاتە وەزیرو ئەندام پەرلەمان و

شارەوانیەکان بە پێی خۆیان دێنە مزگەوتەکان و ستایشی ڕۆڵی مزگەوت دەکەن.
مزگەوتەکان هەریەکەو بنکەیەکی گەورەی دژی فەسادو موخەدەراتن کە ساڵانە حکومەت مەلاین پاوەندو دۆلار بۆ ڕێگری لێیان سەرف دەکات، مزگەوتەکان بە خۆبەخشی ئەو کارە دەکەن.



دوای کردەوە تیرۆریستیەکی کریسچێرچ لە نیوزیلاند، مالیزیا نوێنەری خۆی نارد بۆ نیوزیلەند.

دیمەنی وێنەیەکی نوێژ لە پارکدا، بە ئامادەبونی نوێنەری مالیزیا.



بۆ پارێزگاری لە مسوڵمانانی نیوزیلاند پۆلیس لەگەڵیان بەربانگ دەکەنەوەو ڕێوشوێنی ئەمنی توندیان گرتوەتەبەر، نەوەك ڕق لە دڵێکی تر چاوی بە قەرەباڵغی مزگەوت و مسوڵمانان هەڵ نەیەت و کردەوەیەکی تری تیرۆریستی ئەنجام بدات.

مزگەوت پۆلیسیشی فێری چوار مشقی کرد.
سەیری کڵاوی پۆلیسەکە بکەن لەسەر ڕانی مامۆستا!





خەمەکانتان بۆ خوا باسبکەن، خۆشیەکانتان بۆ یەك دەربڕن.

ژیانی دونیا هەڵەبژێرن! لە کاتێکدا ژیانی ئاخیرەت باشترو بەردەوامە...




لەو ڕۆژە بترسن کە دەگەڕێنەوە بۆلای خوا


وَاتَّقُوا يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى اللَّهِ
Ánd fear a Day when you will
be returned to Allah.
Quran [2:281]


I read the Qur'an every day
من هەمو ڕۆژێك قورئان دەخوێنمەوە

یەکێك لە دیاردە جوانەکانی مسوڵمان ئەوەیە بەشداری خواردن بە یەك دەکەن، هەتا لە کوردەواریدا بوە بە کەلتوریش، کاساوسێ بردن بۆ دراوسێ، لە ڕەمەزاندا زیاتر ئەو دیاردە جوانە بەدی دەکرێت، لە سودان دەچنە سەرجادەکان و دەست بەرزدەکەنەوە بۆ خەڵکی لە کاتی ئیفطار بۆ ئەوەی لادەن و بە بەشداری نانەکەیان بخۆن.



لە غەربدا کاساوسێ ببە بۆ دراوسێ ناوێرێت لێت وەرگرێت، دەڵێ لەوەیە زەهری تێکردبێت، سەیری متمانەی مسوڵمان و کۆمەڵگەی غەربی.



کاساوسێ ببەن بۆ دراوسێ، نەك دوای خواردن فڕەی بدەن!.

ئەو فەرمودانەی کە باس لەوە دەکەن لەوەی دراوسێکەت نابێت برسی ببێت مانای وا نیە هەمو رۆژێك پارەی بدەیتێ.

دیاردەی کاساوسێ زیندوبکەنەوە

زیاتر لە ١٠٠ قەومی جۆربەجۆرم دیوە، نەمدیوە وەك تورك و فارس قەدری خواردن بگرن، کوردی خۆمان و عەرەبیش بە

گشتی بە مەنجەڵ لاری دەکەنەوە ناو زبالەو دڵیشی چەکەرە ناکات.

ئەوە ئیسراف نی یە! ئیسراف زیادە خۆریە لە حەدی خۆی زیاتر، بەڵام ئەوە تەبزیرە، بە فیڕۆدان، بەفیڕۆدانیش کاری شەیتانیە، خوای گەورە لەسەریان دەفەرموێت (إِنَّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُوا إِخْوَانَ الشَّيَاطِينِ) الأسراء ٢٧

واتە: بەڕاستی ئەوانەی ماڵ و سامانیان بەفیڕۆ دەدەن ئەوانە هەمیشە وەك برای شەیتانەکان وان.

کاساوسێ بە کەم سەیر مەکەن، بە ئاسانی کێشەی هەژاری کەم دەکاتەوە، نابینی هی وا هەیە دەڵێ ئەوە مانگێکە گۆشتم نەخواردوە، ئێ ئەگەر دراوسێکانی کاساوسێی بۆ ببەن بۆ وای لێ دێت لە تەلەفزیۆنەوە بە گریانەوە ئەو هەستە دەرببڕێت.

ساڵانە ٣١ ملیۆن تەن خواردن لە بەریتانیا فڕێ دەدرێت.



دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی بەربانگ لە تورکیا.




بەخشندەی و سادەی و هاوکاری و پێکەوە ژیان لە ئیسلامەوە فێربن.





چ نیعمەتێکە ڕەمەزان

تۆ ئەدای واجبێك دەکەیت، لەگەڵیدا چەندین سودی تر بەدەست دەهێنێت.

ڕۆژانی ڕەمەزان و شەوانی قەدر، ٢ خەڵاتی گەورەیی خواین، بە سوپاسەوە هەردوکی قبوڵ بکەن.

تاوان نەخۆشیەو بەر دڵ دەکەوێت، بۆیە ئەنجامەکەی بێ تاقەتی و خەم و خەفەتی لێ دەکەوێتەوە، بۆ ئەوەی ئاسودەی بۆ دڵت بگەڕێنیتەوە، واز لە تاوان بهێنە، ڕەمەزان دەرفەتێکی زێڕینە بۆ چارەسەری دڵەکان.




پیاوێك هات بۆ ماڵمان وتی: مامۆستا گیان فڵان کەس قسەم لەگەڵ ناکات! ئەو تۆی زۆر خۆشەوێت، ئەگەر پێی بڵێی ئاشت

ببینەوە قسەی تۆ ناشکێنێت.

ڕۆشتم بۆ ماڵیان، ماڵی ئاوا بێت قسەی نەشکاندم و ئاشت بونەوە.

دوای ماوەیەکی زۆر کەم کەسەکە مرد.

چەند خۆشە تەسفیە حساب سافی بکەیت پێش مردن.

یا ڕەبی خوای گەورە لێی خۆش بێت.




ڤایرۆس چێژی جەستەت لێ وەردەگرێتەوە.

تاوانیش چێژی پەرستشەکانت لێ وەرەگرێتەوە.

پارسەنگی جەستەو ڕۆح پێویستیی مرۆڤە.

کە هاوار دەکەیت لەوەی نەخۆشینێکت هەیەو دکتۆر بە دکتۆی بۆ دەکەیت بۆ ئەوەیە چێژی جەستەت بۆ بگەڕێتەوە.

کە دادو بێدادی بێ تاقەتی و هەستی تەنهای و خۆزگە خواستن بە ڕابردو هەموی غیابی پەروەردەی دروستی ڕۆحیە، ئەگەر وەك جەستەكە لە خەمیدا نەبیت، ئەوسا ئازاری ڕۆح بۆ جەستەش دەگوازرێتەوە.

نابینیت کەسێك بێ تاقەتە هیچی پێ ناخۆرێت لە کاتێکدا بە ڕۆژش نی یە.

هیچ بەرنامەیەك وەك ئیسلام پەرسەنگی نیوان جەستەو ڕۆحی نەپاراستوە.


چۆن قەرز دەکەیت و دەچیت بۆ خەستەخانەی فاروق خۆت تیمار بکەیت، دەبێت بە پەرۆشەوە بچیت بۆ خەستەخانی ئیسلام و رۆحت تیمار بکەیت.

دواتر ئەوە خودی خۆتی ئازار دەکێشیت! ئازارێك کە زۆرجار دەڵێی نازانم چی یە! بەڵام من پێت دەڵێم چی یە! ئەو ئازارانە تاوانێکەو ئەنجامت داوە، رۆحی کەسێکت بریندار کردوە، دواتر بەجۆرێکی تر تۆش دەبێت ئەو ئازارە بچێژیتەوە.


خۆشبەحاڵی ئەوەی کەس ئازار نادات.




باش بڵێ، یان بێدەنگ بە.



خەندە بە ڕوی خەڵكدا چاكەیە.




**نوێژەكان-ڕاهێنانی ڕۆژانە**

**هەینی-ڕاهێنانی حەفتانە**

**ڕەمەزان-ڕاهێنانی ساڵانە**

**حەج-ڕاهێنانی تەمەن**

ئەوەیە بەرنامە، چەند هاوسەنگ دارێژراوە.







رمضان كريم
قال تعالى :
يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ






نمونەی نیشاندانی کۆمەڵێك
ڕەنگ و گەورەی ئیسلام.......
نمونەیەکە بۆ بیرۆکەی بە
دوکومێنتکردنی وێنەو
بەڵگەنامەکان.
قیبلە
د. عومەر عەلی
٢٠١٩
ISBN: 978-1-68454-167-6